Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd
www.kurdocide.com
Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan
Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# لەیادی 30 ساڵەی تاوانی قارِنێ و قەلاتان و ئیندرقاش و ..دا

## 2 ی سێپتامبر ڕۆژی کۆمەڵکوژی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

**جەماوەری گەلەکەمان،**
**هێزە سیاسییەکان،**
**ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و جەماوەرییەکان،**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەمەنی نگریسی 31 ساڵەی خۆیدا ، هەزاران تاوانی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە. هەرلەدەستپێکی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، هەندێک وەعد و بەڵێن بە هێزە سیاسی و مەزهەبییەکانی کوردوستان درا، بەلام تەنیا بۆ خاپاندن بوو، پاش ماوەیەکی کورت سەرگەرم کردنی هەموو سەرکردەکانی کورد و پاش پتەوکردن و سەپاندنی دەسەلاتی رەشیان، لە رۆژی 1358/5/28 خومەینی دیکتاتۆر فەرمانی جیهادی بەپەلەی بۆ هەموو هێزە زەمینی، ئاسمانی و دەریاییەکانی دەرکرد کە هێرش بکەنە سەر کوردستان و کۆتایی بەو هەل و مەرج و کێشەی بێنن. واتە فەرمانی جیهاد بۆ سەر گەلی کورد، ئیتر پاش ئەو بریارە دەستیان بە لەشکرکێشی بۆ کوردوستان کرد، کە لە زۆربەی شارەکانی کوردوستان رەشبگیری و گوللەباران کردنی بەکۆمەڵ ئەنجام درا.**
**شایانی باسە کە سەرەرای ئەو تاوانانەی کە بە ئاشکرا کردونی، یاخود ئەو ئیعدامە بە کۆمەلانەی لە گرتووخانەکاندا ئەنجامیداوە، بۆمباران و تۆپ باران کردنی شار و گوند شاخ و دەشتی نیشتمانەکەمان بە سەپاندنی شەڕ لە بست بە بستی ئەم بەشەی کوردستان و سەرەنجام کۆمەڵکوژی قارِنێ، قەلاتان، ئیندرقاش، سەرووکانی و وسوکەند و....، بەشێوەی دلڕەقانە تر لە هەموو تاوانەکانی دیکە ئەنجام دران،**

چاودێری کوردۆسایدد ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

**قوربانیانی ئەم تاوانانە و زۆر تاوانی دیکە، ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و کەسانی مەدەنی بوون . بۆیە بە هەموو پێوەرێک ئەو تاوانانە بە تاوانی جەنگ و بە جەنایەتی دژی مرۆڤایەتی دەژمێردرێن.**
**ئێمە بانگەوازتان لێدەکەین، کە هەموومان پێکەوە ڕۆژی تاوانی قارنێ ، واتە ڕێکەوتی 2 سێپتامبر، بکەین بە ڕۆژی داواکردنی بە دادگایی گەیاندنیی بەرپرسانی باڵا و تاوانبارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆژی دژایەتیکردنی کۆمەڵکوژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی ناساندنی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەوڵەتی سەرکوت و ماکەی تیرۆر و ئەنجامدەری کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.**
**با لەم ڕۆژەدا یادی تەواوی تاوان و کۆمەڵکوژیەکان کە کۆماری ڕەشی ئیسلامی ئێران بەرامبەر گەلی کورد کردوونی، بکەینەوە. تا لەم ڕێگەیەوە سیمای دزێوی ئەم دەسەڵاتە ڕەشە زۆرتر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسرێت . ئەرکی سەر شانی هەموومانە ، بە تاک و بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانەوە، کارێک بکەین تاوانباران نەتوانن چیتر بە ئارەزووی خۆیان گەلەکەمان جینۆساید بکەن.**

**دەبا بۆ یادکردنەوەی ئەم ساڵی ڕۆژی 2ی سیپتەمبەرە، یەکگرتوانە بۆ کردنەوەی پەروەندەی تاوانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ناساندنی بە بیروڕای جیهانی تواناکانمان یەک بخەین و نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆمەڵ کوژییەکانی ئەم دەسەڵاتە.**
**ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی تاوانی کۆمەڵکوژی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە کە هەڵمەتی لە سیدارەدان کوردستانی گرتۆتە وە و خۆپیشاندان و نارەزایە تی وڵاتی داگرتووە.**
**لە یادکردنەوەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژی نەتەوەی کورد، بێگومان ناکرێ یادی تێرور کردنی سەرکردە سیاسییەکان و سەدان تێکۆشەری دیکە نەکەینەوە کە ئیمرۆ قاتڵەکانیان جەنجەری ئاشی حکوومەتیان بەدەستەوەیە و بریار دەر و بەڕێوەبەری ئەم دەسەڵاتە جەنایەتکارەن.کە نموونەی هەرە دیاریان ئەحمەدی نێژادە. "سەرۆک کۆماری ساختەکار" کە تاوانی بەشداریی لە دەستەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و لێدانی گوڵڵەی ئاخرلە مێشکی سەدان و هەزاران زیندانیی لەسەرە.**
**کەوابوو ئەرکی سەر شانی هەموومانە یەکگرتووانە لە یادی تاوانی قاڕنێدا ،هەموو توانا و ئیمکاناتەکانمان یەک بخەین بۆ بەدادگایی گەیاندنی بڕیار دەران و بەرێوەبەرانی ئەم تاوانانە و فشار دروستکردن بۆ راگرتنی بریاری لە سیدارەدانی ئازادیخوازان کە ئێستا لە رۆژەڤدایە.**
**تاوانی قاڕنێ و گوندەکانی دەوروبەری بە هەموو پێوەرێك دەچێتە چوار چێوەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، ئەم تاوانانەش تاوانی نێو نەتەوەیین و زەمەن کۆنیان ناکات و تاوانبارانی ناتوانن لە دادگایی رزگاریان بێت. هەموو دۆکۆمێنتەکانی ئەو کاتی خودی کۆماری ئیسلامیش بەڵگەن بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.**

چاودێری کوردۆساید - چاک
Kurdocide Watch - CHAK
2010-8-25
www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە**

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

**مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالـــکردنو جینۆسایدی گەلی کــورد- چاك**)کاری دەکرد، لە بەرواری 24-1-2009 ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.